بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تاوانناسی

م.ی توانا عثمان محمدامین

قۆناغی سێیەم – کۆمەڵناسی

twanaosman357@Gmail.com

Mobile :07504859088


Criminology


CRIME
CRIMINOLOGY
NDIVIDUAL
THEORIES
THOUGHT
CRIMINAL
CONTROL
COMES
SCHOOLS
THINGS
CONSIDERED
ORDER
PEOPLE
AREA
BEGAN
SIDE
PLACE
WITHIN
RATIONAL
CRIMINOLOGISTS
ENVIRONMENT
CAUSES
MAKEUP
BELIEVE
GENERATIONS
HEDONISTIC
MAY
SOCIAL
PERSON
BEHAVIOR
SOCIETY
INDIVIDUALS
POSITIVISTS
SCHOOL

## شەشەم: تیۆری چارلس گۆرینگ :

دکتۆر چارلس گۆرینگ؛ لە بەندیخانەیەکی بەریتانیا کاری دەکرد، بۆیە توانی توێژینەوە لەسەر لایەنی جەستەیی تاوانباران بکات و هەروەها توانی پێداچونەوەی بە تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆدا بکات.

لە ساڵی(1901)، دەستی بە توێژینەوە کرد، بۆماوەی(8)، ساڵ بەردەوام بوو، لەم ماوەیە توانی توێژینەوە لەسەر (3000)، بەندکراو بکات، کە لە هەموو چین و توێژ و پسپۆڕ و بڕوانامەیەکی تێدا بوو.

گۆرینگ بۆیەکەمجار تاوانبارەکانی بەپێی جۆری تاوانەکان دابەشکرد و کردنیە چەند گروپێك، ئینجا دەستی کرد بە پشکنینی ڕوالەتی تاوانبارەکان و پێوانی ئەندامەکانی جەستەیان وەك ( قەبارەی کەللەی سەر، کێش، بەژن و باڵا، شێوەی گوێچکەکان و نێوچەوان.....).

پاشان لەساڵی(1913)، ئەنجامی توێژینەوەکەی لە کتێبێکدا بەناوی(تاوانباری ئینگلیزی-توێژینەوەیەکی ئاماری) بڵاوکردەوە، گرنگترین خاڵەکان کە لە کتێبەکەیدا باسیکرد، ئەمانەی خوارەوە بوو:

١- هیچ نیشانه و سیفەتیك نییه تاوانبارانی هەر گروپێك جیاکاتەوە لە گروپەکانی تر.

٢- هیچ نیشانه و سیفەتێك نییە تاوانباران بەگشتی لە خەڵکی بێ تاوان جیابکاتەوە؛ بەڵام کێشی تاوانباران بەگشتی لە کێشی خەڵکی ئاسایی زیاترە و باڵایان لە خەڵکی گشتی کورتترە، بەڵام ئەم جیاوازییە جەستەییە دەکرێت بۆماوەیی بن و لەوانەشە فاکتەری ژینگەیی بن.

٣- کەم و کورتی جەستەیی وا لە هەندێك تاوانبار دەکات هەست بە کەمی بکات و توشی خۆبەکەم بینین دەبێت؛ ئەمەش توشی کاری هەڵە و تاوانی دەکات.

٤- مرۆڤ تەنها بەهۆی هێزی جەستەیەوە پێداویستییەکانی دابین ناکات؛ بەڵکو بەهۆی ئەقڵیشیەوە دەتوانێت خۆی بژیەنێت.

ئەم تیۆرە توانی زۆرێك لە تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆ پوچەڵ بکاتەوە و توانی بۆماوەی هەشت ساڵ بە نەبڕاوەیی کار بکات لەسەر تاوانباران.

بەڵام خاڵی لاوازی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە تەنها لەسەر ڕەگەزی نێر توێژینەوەی کرد؛ بۆیە ئەنجامەکانی ئەم تیۆرە تەنها لەسەر ڕەگەزی نێر دەسەپێت.

ئەو تەنها توێژینەوە لەسەر تاوانباری گەورە کرد، ئەوانەی کە تاوانی گەورەیان ئەنجام دابوو؛ بەڵام ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر هەموو تاوانباران گشتاند.

**حەوتەم: تیۆری هۆرتۆن :**

لەناو ئەوانەی کە لەسەر ئەم تێڕوانینە بەردەوام بوون، ئەنترۆپۆلۆژیستی زانکۆی هارڤارد؛ ئێرنیست هۆرتن بوو.

هۆرتۆن(12)، ساڵ سەرقاڵی توێژینەوەکردن بوو لەسەر ناسینی سروشتی جەستەی تاوانباران، کتێبەکەی لەساڵی(1939)، بەناوی مرۆڤ و تاوان( Crime and the Man )، بڵاوکردەوە.

بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە توێژینەوەی لەسەر جەستەی(14)هەزار تاوانبار و(3)هەزار کەسی ئاسایی کرد لە(10)، وڵاتی جیاواز.

ئەو لەم کتێبەدا تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆ پشت ڕاست دەکاتەوە، پێی وایە مرۆڤەکان بەهۆی کەموکوڕی جەستەیی تاوان دەکەن، بۆیە ئەو مرۆڤانە بە تاوانباری لەدایك دەبن و جەستەیان هۆکاری تاوان کردنیانە.

هەروەها پێی وایە چەند بابەتێکی وەك(نەتەوە، جوگرافیا، ڕق ئەستوری)ی تاك دەبنە هۆی تاوان.

پێی وایە باشترین چارەسەر بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لەم تاوانبارانە ئەویە : ئەم مرۆڤانە جیابکرێنەو و دوربخرێنەوە لە کۆمەڵگە، چونکە ئەم مرۆڤانە کەسانێکی بێ سود و نەشیاون بۆ کۆمەڵگە.

چۆن هەندێك کەس بە جوانی و هەندێك بە ناشیرینی، هەندێك بەسپی و هەندێك بە ڕەش؛ چۆن هەندێك کەس بە کەڕ یان کوێری لەدایك دەبێـت و کەس ناتوانێت نکۆڵی لەمە بکات؛ بەهەمان شێوە تاوانبارەکانیش پێکهاتەی جەستەیان تەواو نییە و جەستەیان پاڵیان پێوە دەنێت بۆ تاوانکردن.

بۆیە مرۆڤەکانیش هەندێك بە تاوانبار و هەندێك بێ تاوانی لەدایك دەبن.

**ئەو ڕەخنانەی لە تیۆرە فیسیۆلۆژییەکان- بایۆلۆجییەکان و بەتایبت لە لۆمبرۆزۆ گیراون:**

١- ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تاوانکاری تەنها لەڕووی جەستەییەوە هەڵەیە و دروست نییە، چونکە تاوانکردن تەنها یەك هۆکاری نییە.

٢- لەڕوی زانستییەوە توێکاری و شیکاری تیۆرەکەی لۆمبرۆزۆ نەسەلمێنراوە.

٣- ئەم تیۆرە دەڵێت: هەرکەس جەستەی بەو شێوەیە بوو کە لە تیۆرەکەدا دیاری کراوە دەبێت وەك تاوانبار سەیر بکرێت تەنانەت ئەگەر تاوانیشی ئەنجام نەدابوو، ئەمە نادادپەروەرییە، چونکە لە یاسادا هیچ کارێك پێش ئەنجامدانی بە تاوان ئەنجام نادرێت. هەروەها خوێندنەوەی ناخ و دەرونی تاك کارێکی دژوارە؛ ئێمە چۆن بزانین لەناخی ئەو کەسەدا ویستی تاوان کردن هەیە؟!.

٤- هیچ بەڵگەیەکی رون نییە بڵێت مرۆڤی سەرەتایی تاوانکار و درندەبوون، لەگەڵ واقیعی مێژووییە ناگونجێت؟ لەلایەکی ترەوە هیچ بەڵگەیەك نییە بڵێت منداڵی هەموو تاوانکارەکان تاوانکار دەردەچنەوە.

٥- ئەم بیرۆکەیە لە سەرەتادا لەسەر گریمانەیەک دامەزراوە؛  ئەویش گریمانەی پەرەسەندنی مرۆڤە، کە لە باشترین حاڵەتدا، لە گریمانەیەکی زانستی زیاتر هیچتر نییە.

٦- هەروەها ئەم بیردۆزە لە لایەنێکەوە، پێچەوانەی هزری ئیسلامییە لە تیشک خستنە سەر بنەچە و سەرەتای مرۆڤ، چونکە بەپێی هزری ئیسلامی یەکەم مرۆڤە کە لەسەر زەوی بونی هەبووە،(ئادەم و حەوان). بەشێوەیەکی رێک و پێک و تەواو بوون.

٧- قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوە دەکات، کە مرۆڤ لەو کاتەوەی پێیەکانی بەر ئەم زەوییە کەوتووە، دوور لە هیدایەت و ئاراستەکردن و ڕێنمایی خودا نەبووە کاتیک دەفەرموێت.

(قُلْنَا اهْبِطُوا مِنْهَا جَمِيعاً فَإِمَّا يَاتِيَنَّكُم مِّنِّي هُدًى فَمَن تَبِعَ هُدَايَ فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ).(البقرة-٣٨)

هەروەها دەفەرموێت: (وإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلا خَلا فِيهَا نَذِيرٌ).(فاطر-٢٤)

واتای ئەم ئایەتانە پشتڕاستی دەکاتەوە کە مرۆڤی کۆن و مۆدێرن لە هەموو سەردەمێکدا، ڕێنمایی و بەرنامەی ژیانْ و پەیامی خودایيان بۆ هاتووە و بێ ڕێنموونی ژیان جێنەهێڵدراون.

ڕەنگە لێرەدا گونجاو بێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو مرۆڤەی کە لە ڕابردوودا لەسەر ئەم زەوییە ژیاوە لە دۆخێکدا بووە کە لە دۆخی مرۆڤی ئەمڕۆ کەمترە؛ ئەمەش تەنها لەرووی داهێنان و ئامرازەکانی ژیانەوە بووە. نەک لەرووی پێکهاتەی جەستەیی و دەروونییەوە.

# بەهیوای سەرکەوتن

